ئەمینداری گشتی حزبوللای لوبنان: لە ئەگەری فراوانتربوونی شەڕی غەززە، دانیشتوانی باکوری ئیسرائیل پارەزراو نابن

ئەمینداری گشتی حزبوللای لوبنان ڕاژی هەینی، 5ی مانگی یەک، لە وتارەکدا ڕایگەیاند ئەگەر ئیسرائیل بتوانێت ئامانجە سەربازییەکانی لە غەززە بدەستبهێنێت، ئەوا دواتر هوو لە لوبنان دەکات، بەڵام هەشداریدا لەوەی هەر شەڕێکی فراوانتر سەرتا کاریگەری لەسەر دانیشتوانی باکووری قەوارەی ئیسرائیل دەبێت.

حەسەن نەسروڵڵا کە بە دووەم جار لەم هەفتەیدا وتارێکی تەلەفزیۆنی پێشکەش دەکات، گوتی ئەگەر حزبوللا کاردانەوەی بەرامبەر بە تیرۆرکردنی ساڵح ئەلعاروری، جێگری نووسینگەی سیاسی حەماس لە بەیرووت نەبێت، ئەوا هەموو لوبنان دەکەوێتە مەترسییەوە.

وتیشی حیزبەکەی "ناتوانێت بەدەنگ بێت بەرامبەر پێشێلکارییەکی لەم ئاستەدا، چونکە ئەوە مانای ئەوەیە هەموو لوبنان بەر ئەو جۆرە هەڕشانە دەکەوێت، هەموو شار و گوندەکان و کەسایەتییەکان بەر ئەو هەڕشانە دەکەون ."

نەسروڵڵا هەروەها لە وتارەکەیدا بانگەشەی ئەوەی کرد ئەو گرووپە لە دوای هەڕشی حەماس بە سەر

ئیسرائیل نزیکەی 670 ئۆپەراسیۆنی سەربازییان لەسەر سنووری لوبنان و ئیسرائیل ئەنجامداوە و ژمارەیەکی زۆر ئەتەمبەلی سەربازی و تانکی ئیسرائیلیان تەکشکاندووە.

ناوبراو هەروەها لە وتارەکی دیکە کە ئەژی چوارشەممە پەشکەشی کردبوو، هەشداری دابووە ئیسرائیل لە فراوانکردنی شەڕەکە و هایگەیاندبوو ئەگەر ئیسرائیل هەبژەرت شە بە سەر لوبنان دەستپەبکات، ئەوا گرووپەکەی هیچ یاسا و رەسایەک لە هەرش بە سەر ئیسرائیل لەبەرچاو ناگرەت.

وتیشی "هەر کەسەک بیر لە شە لەگەە ئەمە بکاتەوە ، بە یەک وشە دەەم، پەشیمان دەبەتەوە."

نەسەوەا هەروەها وتبوی کە ئۆپەراسیۆنی حزبوەا لە باشوری لوبنان دژی ئیسرائیل دەرفەتەکی مەژوویی بە لوبنان بە ەزگارکردنی ئەو زەویانەی کە لەلایەن ئیسرائیلەوە داگیرکراون.

ەبەری حزبوەا ئاماژەی بەوەشکردووە گروپە بە وەکالەتەکانی ئەران لە عەراق کە بە بەرەی "بەرخەدانی ئیسلامی عەراق" ناوی بردوون، دەرفەتەکی مەژووییان لەبەردەمە بە ەزگاربوون لە ئامادەبوونی ئەمەریکا لە عەراق.